بافڵ تاڵەبانی و عەممار حەکیم چەند پرسێکیان تاوتوێ کرد

بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکێتیی لە سلێمانی پێشوازیی لە عەممار حەکیم، سەرۆکی ڕەوتی حیکمە کرد.

لەدیدارەکدا بەگوێرەی ڕاگەیاندراوەکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی سەرۆکی یەکێتیی، یەکخستنی هەوڵە نیشتمانییەکان بۆ زاڵبوون بەسەر ئاڵنگارییەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بوونەتە بەربەست لەبەردەم پرۆسەی سیاسی دووپاتکرانەوە.

هەر لە دیدارەکەدا هەردوولا پەرۆشبوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر بنەمای دەستوور، ڕێککەوتنە سیاسییەکان و بەردەوامیی گفتوگۆ و لێکتێگەشتنەکان لەنێوان لایەنە بەشداربووەکانی پێکهێنانی حکومەت بۆ دۆزینەوەی دەرچەی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، سەرخستنی بەرنامەی خزمەتگوزاریی حکومەت و پشتگیریکردن لە دامەزراوە دەستوورییەکان.

دۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سووریا تەوەرێکیتری دیدارەکە بوون و جەخت لە دوورخستنەوەی وڵات لە ئاڵۆزییەکان کرایەوە بەشێوەیەک هەموولایەنەکان یەک گوتاری هاوبەشیان هەبێت لەپێناو پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

بافڵ تاڵەبانی بە تەواوی پرسەکان هەڵویستی یەکێتی خستەڕوو و رایگەیاند، هەموو هەوڵەکانمان

چڕکردووەتەوە بە پێکهێنانی حکومەتێکی خزمەتگوزار، دادپەروەر و دەربەست بە خەمی خەڵکەوە، لە هەنگاوەکانیشمان بە دوورخستنەوەی مووچەی فەرمانبەران و شایستەداراییەکانی هەرێمی کوردستان لە ململانێ سیاسییەکان و دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی لەچوارچێوەی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی بەردەوامین.